کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-6-2007 18:40بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# پاڵەوانی شەڕەکانی ناوخۆ کارگێڕی مەکتەبی سیاسی حیزبێکی پڕ لە کێشە ... گۆران خۆشناو

هەولێر

خیانەت ئەو لەکە ڕەش و مۆرە نەسرێنراوەیە کە هەرکەسێك ئەنجامی بدات نێوچەوانی بۆ گەناوی دەکات و خیانەتەکەشی دەخاتە نێو زبڵدانی مێژووەوە. بەدرێژایی شۆرشە کوردەکان و لەوەتەی کورد هاتۆتە سەر کوردسی دەسەڵات و تفەنگی بە شانی هەڵگرتووە ئاشنایی لەگەڵ خیانەت پەیدا کردووە و زۆر جار لەکاتە تەنگانەکاندا پەیوەندی ستراتیژی لەگەڵ پەیدا کردووە و دژی نەیارە کوردەکەی بەکاری هێناوە جا گرنگ نیە چ ڕوودەدات و چ عەیبەیەك دروست دەکات و پاشماوەکانی چیان لێدێتەوە، گرنگ ئەوەیە ئەو لەخەتەرەو بنەماڵەو حیزبەکەی کورسی ژێرەوەیان هاتۆتە لەرزین.

باسکردن لە خیانەت و تۆمەتبارکردنی کەسانێك بەخائین و خۆ فرۆش کەسێك ئەنجامی دەدەن کە سەرتاپای ژیانیان ڕۆژێك ئاشنایی و خزمایەتی لەگەڵ خیانەتدا نەبووبێت و کاری خۆفرۆشانەی ئەنجام نەدابێت.

ئاسایی یە دونیا شەفاف بێت و من لە تۆ ڕەخنە بگرم و تۆش لە من و هەموومان پێکەوە بە ڕەخنەکان چارەسەری گرفت و کێشە هەڵواسراوەکان بکەین، بەڵام ئەوەی جێی تێرامان و قسەکردن بێت ئەوەیە ڕەخنەکانمان و تۆمەت و قسە هەڵبەستراوەکان لەکاتێکدا بێت کە نیازی دروستکردن و ڕواندنی تۆی فیتنە بێت و ئەوە ببێتە پیشەی ڕۆژانەمان و بەوەوە پۆست و حیزب بهێڵینەوەو ماستاوەکەی پی سارد بکەینەوە.

مەلا بەختیار لەگەڵ ئەوەی کە دەڵێن کەسێکی شۆڕشگێر بووە و تفەنگی دژی ڕژێم بە شان کردووە، بەڵام هەنووکەش بەهەمان پاڵەوان و شۆڕشگێرو تفەنگ لەشان دەبینم کە ئەوجارەیان دژی کەسانێکی هەڵگرتووە کە جگە لە چاکسازی هیچی تریان پێ نیەو لێدوانەکەی هەر خۆشی پێش مانگێك بەر لە ئێستا بەرامبەر بەو حیزبە پێچەوانە بووە کاتێك بەسەر شان و باڵی یەکگرتوو و سکرتێری حیزبەکەی هەڵ گووتووە. لە کاتێدا بەردەوام لە بوونی هەرگرفت و ناکۆکی حیزبەکەی لەگەڵ حیزبێکی تر بە دەیان تۆمەت و قسە نادروستی خستۆتە پاڵی و ئاگری شەڕەکەی خۆش کردووە.

ئەگەر بێینە سەر باس لە دیموکراسەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەو قسەی زل و زەبەلاحانە یەکسەر کاك مەلا خۆی لێدەکاتە پاڵەوان و پێشەنگی چاکساز و چاکخوازانی ئەو چەمکانەوە بەسەرماندا دەفرۆشێتەوە.

بەشداری کردنی یەکگرتوو لە کۆنگرەی قاهیرە ئەگەر کاك مەلا بەختیار بە خیانەت و کاری پیلانگێری لێکی بداتەوە دەبێت ئەو مێژووە دورو درێژەی حیزبەکەی خۆی و حیزبە هاوپەیمانە ستراتیژیەکەی لە بیر چوو بێتەوە کە لە نێو مەلەفی زۆری دا کۆنگرەی قاهیرە کە یەکگرتوو بەشدرای کرد لە نێوی دا جێگای نابێتەوە و لە چاو خیانەتەکانی ئەواندا وەکو کەفی سەرئاو دەبێت.

لە ڕێگای بەدەست خستنی مەرامە حیزبی وەرگرتنی دەسەڵاتدا یەکێتی و پارتی چ هۆکارێك ماوە کە بەکاری نەهێنن دژی یەکتر تا هەنووکەش لە شەڕی ناوەخۆ و هێنانەوەی ڕژێم و هاتنی پاژدارانی ئێرانی و جەندرمە چاو شینە ئەتاتورکیەکان و دەیان شتی تر، ئایا ئەوانە هەمووی پاڵەوانی و کوردایەتی بو بۆ خەڵکی کوردستان یان فرۆشتن و هەراجکردنی سەروەت و ماڵ و ئابرووی کورد بوو؟

لێرەوە من چەند پرسیارێك ئاراستەی کاك مەلا بەختیار دەکەم هیوادارم بە سینگێکی فراوان و بەنەفەسێکی دیموکراسیانەو بە ڕەخنەو ڕای جیاواز وەڵامی ئەو پرسیارانەم بداتەوە"

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-6-2007 18:40بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

1- لە ساڵانی هەشتاکاندا و لە ئالای شۆرش ئەو کاتەی کە لەگەڵ یەکێتی گرفتت هەبوو کێت پێ خائین و خۆفرۆش بوو و لە نووسین و ووتارەکانتدا چیت بە یەکێتی دەگووت؟

2- لەکاتی شەری یەکێتی و بزووتنەوە ووتار و نووسینەکانت و هەڵوێست و لێدوانەکانت چۆن بوو بەرامبەر بزووتنەوە؟

3- لە کاتی شەری ناوخۆی یەکێتی و پارتی هەر لەساڵی 1994 ەوە تاوەکو 31ی ئابی 1996 لێدوان و نووسین و بانگەشە شەرانگێزیەکانت بەرامبەر بە پارتی چۆن بوو؟ خیانەتکاری و خۆفرۆشی و.... . هتد، چیترت دایە پاڵ پارتی و هیچ مەجالی ئاشتیت هێشتەوە بۆ ئەو دوو حیزبە شەر کەرە؟ کە ئێستا سەرۆکی هەرێمت پێ سەرۆکی هەموو کوردستانەو بەسەر شان و باڵی دا هەڵدەڵێی؟

4- لە دژایەتیکردنی یەکێتی بەرامبەر بزووتنەوەی جوتیاران و چەوساوانی کوردستان خۆت و حیزبەکەتان چیتان بەرامبەر کرد؟

5- دوای دروست بوونی شەر لە گەڵ پارتی چیتان کرد بەرامبەر یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان و سکرتێرەکەی؟؟

6- بەرامبەر پارتی کرێکارانی کوردستانpkk چ ماوە پێیان نەکەن؟؟

7- بەرامبەر کۆمەڵی ئیسلامی هەر لە کوشتنی سەرکردەکانیانەوە بگرە تا دەگاتە ساروخ بارنکردنی ناوچەکانی خۆرماڵ و تەوێلە لە 2003 یەوە جارێکی تر چی ما بەرامبەریان نەکەن؟

8- بەرامبەر پارتی پارێزگاران لە دوای 2000وە چیتان کرد؟

9- لەشەری ناوەخۆی یەکێتی و پارتی شەهیدانتان لە جەولەی شەرەکاندا ژمارەیان گەیشتە چەند؟

10- هێنانی پازداری ئێرانی بۆ هەیبە سولتان و شوێنەکانی تر و هاتنی جەندرمەی تورکی بۆ شەری دژ بە یەکتر و هێنانەوەی سەربازی رژێم بۆ کوردستان و دەیان شتی تر، ئەوانە چ ناوێکیان لێ دەنێیت؟

11- لە هەموو ئەو داستانانەدا رۆڵی تۆ چی بوو تیایاندا؟

12- کوشتنی هاوری محەمەد حەلاق و هاورێکانی لە سەیتەرەی تەق تەق لەبەرچی بوو؟ ئەوانیش خائین بوون؟

رەنگە بڵێی ئەوانە خیانەتیان لە کۆمەڵانی خەڵك کردووە، ئەگەر ئەو هەموو خۆ فرۆش و خائینە و پیلانگیرە لە کوردستان بێت هەق بە خۆت دەدەیت رەخنە و تۆمەت بخەیتە پاڵ یەککگرتوو؟

خۆت کارگێری مەکتەبی سیاسی یەکێتی، و ئەنجوومەنی سیاسی حیزبە کوردستانیەکان بریاری نەدا ئیتر بەسەر ئەو بابەت تێبپەرین و باسی نەکرێت، چۆن رێگا بە خۆت دەدەیت کە پێشێلی بریاری سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی و مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی خۆت بکەی کە خۆت کارگێری مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبەی؟

هیوادارم بە سینینگێکی کراوەو بە روحیەتێکی دیموکراسیانە وەڵامی پرسیارەکانم بدەیتەوە و تۆمەتی خیانەتم نەخەیتە پاڵ!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.